BRITISH TRANSPORT POLICE

# سکاڵا لە دژی پۆلیس

**بەڕێوەبەرایەتی ستانداردەکانی پسپۆڕانە**
بەڕێوەبەرایەتی ستانداردەکانی پسپۆڕانە بەرپرسە لە توێژینەوە سەبارەت بەو سکاڵایانەی کە لە دژی پۆلیس دەکرێن و هەروەها مامەڵە کردن لەگەڵ کێشەکانی هەڵس و کەوتی ناپەسەند.

پۆلیسی هاتوچۆی بریتانیا پەیماندەرە بۆ دەستەبەر کردنی ستانداردێکی بەرزی خزمەتگوزاری بۆ خەڵك.

ئەگەر پێت وایە ئەفسەرێکی پۆلیس بە شێوەیەکی ناپەسەند یان ناعادڵانە جووڵاوەتەوە، مافی ئەوەت هەیە شکایەتی لێ بکەیت.

سەرەتا، بڕیار بدە کە ئایا ئەفسەری پۆلیسەکە چ هەڵەیەکی کردووە. بۆ نمونە، ئایا بە تووڕەیی لەگەڵت جووڵاوەتەوە؟ ئایا هێزی نابەجێی لە دژت بەکار هێناوە؟ ئایا بە شێوەیەکی نایاسایی گیراویت؟ ئایا دەستدرێژی کراوەتەوە سەر مافەکانت؟
ئەگەر بارودۆخێکی تایبەت لە ئارادا نەبێت، ئەوا دەبێت تۆ لە ماوەی 12 مانگ دوای قەومانی ڕووداوەکە سکاڵای خۆت ڕابگەیەنیت.

ئەگەر حەز دەکەیت لە پۆلیس شکایەت بکەیت تکایە ئەم فۆڕمەی خوارەوە پڕ بکەوە وە لە ماوەی 5 ڕۆژ دا لە گەیشتنی ئەو فۆرمە بە دەستی بەرپرسان ئاگادار دەکرێیتەوە.

**سکاڵاکان سەبارەت بە شێوەی بەڕێوەچوون و کۆنترۆڵ کردن پۆلیسی هاتوچۆی بریتانیا (BTP)**
بە گوێرەی یاسای هەموارکردنی پۆلیس لە ساڵی 2002، سکاڵاکان دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوون و کۆنترۆڵ کردنی هێزی پۆلیس بە شێوەیەکی جیاواز لە سکاڵاکانی دژی هەڵس و کەوتی پۆلیس و کارمەندەکانی هێزی پۆلیس مامەڵەیان لەگەڵ دا دەکرێت. ئەمە ڕێوشوێنی ئێمەیە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو سکاڵایانەی کەوا سەبارەت بە شێوەی بەڕێوەچوون و کۆنترۆڵ کردنی پۆلیسی هاتوچۆی بریتانیا ئاراستە دەکرێن.

**ئەمە چ جۆرە سکاڵایەك دەگرێتە بەر؟**
سکاڵا دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوون و کۆنترۆڵ کردنی پۆلیسی هاتوچۆی بریتانیا لە لایەن ئەفسەرێکی بەرزی پۆلیس بریتی دەبێت لە:

- ڕێوشوێنەکانی چالاکییەکانی پۆلیس (کاتێك کێشەی هەڵس و کەوت لە ئارادا نیە)
- ئەو بڕیارە ڕێکخراوانەیەی کە کاردانەوەیان لە سەر بەڕێوەچوون و کۆنترۆڵ کردن هەیە
- ستانداردە گشتییەکانی پۆلیسی هاتوچۆی بریتانیا
- بڕیارەکانی بەڕێوەبردنی چالاکی (کاتێك کێشەی هەڵس و کەوت لە ئارادا نیە)

BRITISH TRANSPORT POLICE

**چ کەسێك لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی هێزی پۆلیسی بریتانیا لەگەڵ سکاڵاکان بەرپرسە؟**

سەرۆکی پۆلیس و ناوەندی دەسەڵاتداریی پۆلیس بەرپرسن لە شێوەی مامەڵە کردنی ئێمە لەگەڵ سکاڵاکانی پێوەندار بە چۆنیەتی بەڕێوەچوون و کۆنترۆڵ کردنی هێزی پۆلیس.

**چ کەسێك لە سەر سکاڵاکەم کار دەکات؟**

ئێمە سکاڵاکەت تۆمار دەکەین و دەیخەینە بەردەستی ئەفسەری باڵا یان کەسێکی تر کە لە جیاتی ئەو لە سەر سکاڵاکەت کار دەکات.

ئێمە بە شێوەیەکی ئاسایی چاومان پێت دەکەوێت یان نامەت بۆ دەنێرین بۆ ئەوەی لە دەستکەوتەکانی خۆمان ئاگادارت بکەینەوە و سەبارەت بە بڕیاری خۆمان زانیاریت پێ بدەین. لە هەموو حاڵەتێکدا، ئێمە ڕوونکردنەوەیەکی تەواوت سەبارەت بە بڕیاری خۆمان پێ ئەدەین.

ئەگەر بڕیار بدەین کە ڕێوشوێن یان پرۆسەیەکی تایبەت هەڵسەنگێنین یان بیگۆڕین ئەوا ئەوا جێبەجێی دەکەین وە دەربارەی ئەو ئاگادارت دەکەینەوە.

**ئایا هیچ جۆرە زانیارییەك هەیە کە ناتوانن پێم بدەن؟**

لە کاتی کار کردن لە سەر سکاڵاکەت ئەوەندەی بتوانین بە شێوەیەکی کراوە مامەڵەت لەگەڵ دا دەکەین و ئێمەش بە گوێرەی یاسای ئازادیی زانیاری چەند بەرپرسایەتیەکمان لە سەر شانە. بەڵام هەندێك زانیاری لەوانەیە هەستیار بن و لەوانەیە بڕیار بدەین کە ئەم زانیاریانەت پێ نەدەین.

**چ ماوەیەکی پێدەچێت تاکو لەگەڵ سکاڵاکەم مامەڵە بکەن؟**

ئێمە هەموو هەوڵی خۆمان ئەدەین بۆ ئەوەی بە خێراترین شێوە لە سەر سکاڵاکەت کار بکەین. ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە لە ماوەی 28 ڕۆژ دوای تۆمارکردنی سکاڵاکەت چارەسەری بکەین. ئەگەر لە ئەنجامی سکاڵاکەت دا بڕیار بدەین کە پێویستە یەکێك لە ڕێورەسمەکانی خۆمان هەڵسەنگێنین یان بیگۆڕین، ئەوا لەوانەیە کاتێکی زیاتر بخایێنیت تاکو وەڵامت ئەدەینەوە. لەو ماوەیەدا کە لە سەر سکاڵاکەت کار دەکەین لەو شتانەی دەیانکەین ئاگادارت دەکەینەوە.

**زانیاری سەبارەت بەو سکاڵایانەی کە بە دەستمان دەگەن**

ئێمە هەموو ساڵێک چوار جار سەبارەت بە سکاڵاکانی پێوەندار بە بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵ کردن کە بەدەستمان دەگەن زانیاری بە بەڕێوەبەرایەتی دەسەڵاتی پۆلیسی هاتوچۆ ئەدەین.

**لینکە پێوەنددارەکان**

- Independent Police Complaints Commission (IPCC) website
- British Transport Police Authority